زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستی گشتی
قۆناغی چوارەم

# Observation

# بینین و ڕاهێنان

ئامادەکردنی
م.ی. نهله نورالدين محمد
nahla.mohammad@su.edu.krd

# وانەی بینین بۆ؟ لە پێناوی چی؟

1. هەنگاوی یەکەمی پەروەردەی کردارییە.
2. تێبینی کردن و سەرنجدانە.
3. لە پێناو مەیدانی بوونی پیشەی فێرکاری.
4. تاکو ئامادەی وانبێژی بین.
5. ئامادەکاریی و دڵنیاییە.
6. لە پێناو چەسپاندنی زانراوەکان



# پێناسەی پەروەردەی کرداریی

**پەروەردەی کرداری**: ئەو کۆمەڵە چالاکی و شارەزاییە کەوا دەچێتە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی پەروەردەی مامۆستایان و ئامانجی یارمەتی دانی قوتابی مامۆستایە لە بە دەست هێنانی توانستەکانی پیشەیی و کەوا پێویستی پێی دەبێت لە ئەدای گرنگی فێرکردندا.

**پەروەردەی کرداری**: کردارێکی پەروەردەیی ئامانجدارە بۆ پێدانی هەل بە قوتابیانی مامۆستا بۆ جێبەجێکردنی چەمکەکان و بنەماییەکان و تیۆرییەکان کەوا بە شێوەی ئەدایی پێشکەشی دەکەن لە مەیدانی راستەقینە بۆ بەدەست هێنانی کارامەییەکانی وانەووتنەوە کەوا سروشتی کرداری فێرکردن دەیەوێت.

# پێناسەی پەروەردەی کرداریی

پەروەردەی کرداریی لایەنی جێبەجێکارییە لە پەروەردەو پێگەیاندنی مامۆستایان و ئامادەکردنییان بۆ ئەو چالاکییانەی لەناوپۆلدا ئەنجام دەدرێت.

پەروەردەی کرداریی یەکێکە لەبوارەکانی ڕاهێنانی مامۆستاو ئامادەکردنی بۆ مەیدانی جێبەجێکاری.



# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

لە سێ قۆناغ پێك دێت:

 . قۆناغی بینین: مرحلة المشاهدة

هەلێك دەدات بە قوتابی مامۆستا بۆ بینینی ئەو شتانەی لە دەوروبەری دا هەیە (بینینی هەڕەمەکی وبینینی ئامانجداری پلاندار) و بینین دەبێت سەرەتا بینینی ئەوانەی لە ناو بازنەی قوتابخانە دا هەیە، لە کرداری ریز وەستانی قوتابی و کرداری پاراستنی سیستەم و سرە گرتن و کرداری ریکخستنی یاریکردنی قوتابی و کردارەکانی چونەژوورەوەی قوتابیان بۆ ناو قوتابخانە و پۆل و چونەدەرەوەیان وکردارەکانی پاراستنی کەل و پەلەکانی قوتابخانە و دەرەوەی پۆلەکان و کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان و کارەکانی مەیدانی . پاشان بینینی پۆل دەست پێدەکات بۆ بینینی رەفتاری مامۆستای پەروەردەیی و رەفتاری قوتابیان و ریکخستنی ئەو شتانەی لە پۆلدا هەیە بەشێوەیەك کرداری فێربوون ئاسان دەکات.

# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

## ٢. قۆناغی بەشداریکردنی بەشی ڕووبەڕوو:   مرحلة المشاركة الجزئية الموجهة

- ئەم قۆناغە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کارپێکردنی هەندێ زانیارییەکانی تیۆری و توانستەکانی مەعرفی کەوا قوتابی بە دەستی هێناوە لە قۆناغەکانی ڕابردوو.
- لەم قۆناغە سەرپەرشتیار هەڵدەستێ بە ڕاسپاردنی قوتابییەك لە کۆمەڵەکەی یان پۆلەکەی بە ووتنەوەی بابەتێك لە پۆلەکەی لە هەمان کاتدا هاوپۆلەکانی ئامادەی وانەووتنەوەکە دەبن بە مەبەستی بینین و ڕەخنەگرتن و سەرپەرشتیار هەڵدەستێ بە یارمەتی دانی قوتابی مامۆستا بۆ ئامادەکردنی کرداری وانەووتنەوە.
- ڕەخنەگرتن هەلێکە بۆ قوتابی تا ئاشنای بنەماییەکانی کرداری وانەووتنەوە بن بە شێوەیەکی واقعی، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرپەرشتیار  بۆ شیکردنەوەی تێبینیەکان کەوا لەلایەن قوتابیەوە کراوە.

# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداریی

## ٣. پیادەکردن ( ڕاهێنان ) :( الممارسة ):

- ئەگەر لەو دوو قۆناغەی پێشەوەدا قوتابی ڕاهێنراو سەرکەوتوو بێت، ئەوە لەم قۆناغەدا مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەردەچێت

- هەر قوتابییەك سەربەخۆ دەبێت لەم قۆناغە،ڕۆلی سەرپەرشتیار دڵنیایی دەبێت لە شێوازی وانەووتنەوە لە ماوەی سەردانیکردنی بۆ لای قوتابی مامۆستای.



# ئامانجەکانی پەروەردەی کرداریی

- رەخساندنی هەلی ڕاستەوخۆ بۆ قوتابییانی ڕاهێنراو بۆ چەسپاندنی هەموو ئەوانەی سەبارەت بە کرداری وانەبێژی فێری بوونە.
- یارمەتیدانی قوتابی ڕاهێنراو ئاشناکردنی بە ڕێگاکانی وانە وتنەوەو شێوازەکانی لەڕێی بینینی مامۆستایانی هاوکارەوە.
- کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و داهێنانی نوێی مامۆستایان و ئاوێتەکردنی بە زانراوەکانی سەبارەت بە پیشەی وانەبێژی.

# ئامانجەکانی پەروەردەی کرداریی

- شکاندنی تەمی ترس و بەربەستەکانی بەردەم ئامادەبوون و دەربڕین، لەبەرامبەردا دروستکردنی گیانی متمانە بەخۆبوون و چاندنی بوێری لە دەروونی قوتابی ڕاهێنراودا.

- ئاشنابوون بە هەڵوەستە جۆراوجۆرەکانی قوتابی لەناو پۆلداو فێربوونی چۆنییەتی مامەڵەکردنی دروست و پەروەردەییانە لەگەڵیاندا لەلایەن مامۆستایانی ئەزموونداراەوە.

- ئاشناکردنی قوتابی ڕاهێنراو بە ڕەگەز و پێکهاتەکانی سیستەمی فێرکاریی و قوتابخانەکان.

# ڕەگەزو پێکهێنەرە سەرەکییەکانی پیشەی فێرکاری

1. کێ وانە دەڵێتەوە؟ (مامۆستا)
2. بەکێ دەیلێتەوە؟ (قوتابی، خوێندکار، فێرخواز)
3. چی دەڵێتەوە؟ (ناوەڕۆك، بابەت، پرۆگرام)
4. چۆن دەیلێتەوە؟ (ڕێگاکان، شێوازەکان، ستراتیجیەکان)
5. بۆچی دەیلێتەوە؟ (ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان)
6. لە کوێ دەیلێتەوە؟ (قوتابخانە، پۆل و پێکهاتەکانی وانەبێژی)



بەهیوای سەرکەوتن